جولەکەیەک هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، و ووتی: ئەی موحەمەد، خوای گەورە ئاسمانەکان ڕادەگرێت لەسەر پەنجەیەک، وزەوییەکان ڕادەگرێت لەسەر پەنجەیەک، وچیاکان ڕادەگرێت لەسەر پەنجەیەک، وداڕەکان ڕادەگرێت لەسەر پەنجەیەک، وهەموو بوونەوەرەکان ڕادەگرێت لەسەر پەنجەیەک، پاشان دەفەرموێت: من پادشام

لە عبداللەی کوڕی مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: (جولەکەیەک هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، و ووتی: ئەی موحەمەد، خوای گەورە ئاسمانەکان ڕادەگرێت لەسەر پەنجەیەک، وزەوییەکان ڕادەگرێت لەسەر پەنجەیەک، وچیاکان ڕادەگرێت لەسەر پەنجەیەک، وداڕەکان ڕادەگرێت لەسەر پەنجەیەک، وهەموو بوونەوەرەکان ڕادەگرێت لەسەر پەنجەیەک، پاشان دەفەرموێت: من پادشام)، «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێکەنی هەتاوەکو ددانە خرێکانی دەرکەوت»، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە: {وما قدروا اللهَ حقَّ قَدْرِه}[الزمر: 67]، واتە: {کافران وبێباوەڕان خوای گەورەیان بە گەورەنەزانیوە ونەیان ناسیووە بەو جۆرەی شیاوی ئەو زاتەیە}.

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر مەزنی خوای گەورە -سبحانه وتعالى- کە هەموو ئاسمانەکان لەسەر یەک پەنجە لە پەنجەکانی دەستی پیرۆز ومەزنی دادەنێت، وهەموو بوونەوەرە دروستکراوە زانراوەکان بە مەزن وگەورەییان لەسەر یەک پەنجە دایان دەنێت، وئەگەر خوای گەورە بیەوێت -سبحانه وتعالى- ئەوا هەموو ئاسمانەکان وزەوی وبوونەوەرەکانیش لەسەر یەک پەنجەی پیرۆزی دادەنێت. وئەمیش لەو زانستانەیە کە وەکو میرات لە پێغەمبەرانەوە ماوەتەوە کە ئەوانیش لە ڕێگەی وەحی (سروشی) ئاسمانەوە بۆیان دابەزیوە، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- قسەکەی جولەکەکەی بە ڕاستدانا وجێی سەرسوڕمانی بوو وپێی خۆش بوو، بۆیە پێکەنی هەتاوەکو ددانە خرێکانی دەرکەوت ئەمیش وەکو بە ڕاستدانانێک بۆ قسەکانی، ولە گێڕانەوەیەکی تردا: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەم ئایەتەی خوێندەوە: {وَمَا قَدَرُوا اللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِ وَالْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَالسَّمَاوَاتُ مَطْوِيَّاتٌ بِيَمِينِهِ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى عَمَّا يُشْرِكُونَ} [الزمر: 67]، واتە: {(کافران) خوایان نەناسیوە (بە گەورەیان نەزانی) بەو جۆرەی شیاوێتی لە ڕۆژی دواییدا هەموو زەوی لە چنگی ئەودایە (بەدەست خوایە) وئاسمانەکانیش بە دەستی ڕاستی ئەو پێچراونەتەوە، (لەم ئایەتەدا دووپاتکردنەوە وجێگیرکردن سیفەتی دەستی ڕاست بۆ خودا هاتووە ئێمە باوەڕمان پێیەتی، بەبێ هیچ لێچواندن ولێکدانەوەیەك وشێوەکەی نازانین، تەنها خودا دەیزانێت)، خودا پاك و بڵندترە لەو هاوبەشدانانە (شیرکانەی) کە هاوبەشدانەران (موشریکەکان) بۆ خوای گەورە پڕیاری دەدەن}، ئەم ئایەتە ئەوە دووپاتدەکاتەوە کە خوای گەورە دوو دەستی هەیە، ئەمیش وەکو دووپاتکردنەوەیەک بۆ قسەکانی جولەکەکە. ونابێت ئاوڕ بدرێتەوە بۆ قسەکانی ئەوانەی کە ڕاستی واتاکە پەکدەخەن ونایهێڵن، بۆیە ئینکار کردن ونەفی کردن بوونی پەنجەکان بۆ خوای گەورە، بەو بیانووەی کە ئەمە چواندنی پەروەردگارە بە بوونەوەرەکان، وئەو کۆمەڵە گومڕایەی کە واتای ڕاستەقینەی سیفەتەکانی خودا پەکدەخەن پێیان دەووترێت (المعطلة)؛ نازانن جێگیرکردن ودووپاتکردنەوە لە بوونی سیفەتێکی خودا مانای چواندنی نییە بە بوونەوەرەکان، هەروەکو چۆن ئێمە سیفەتی ژیان وتوانا وهێز وبینین بۆ خوای گەورە دووپات وجێگیر دەکەین کە ئەم سیفەتانەی هەیە ومانای ئەوە نییە بوونی ئەم سیفەتانە لە بوونەوەرەکاندا چواندنی پەروەردگار بێت بە بوونەوەرەکان، چونکە خوای گەورە {لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ}[الشورى: 11]، واتە: {هیچ شت و کەسێك لە خوای گەورە ناچێت (هیچ شتێک بە وێنەی خودا نییە؛ نە لە زاتی پیرۆز ومەزنی، ونە لە سیفات وکرداڕەکانیشی)، چونکە خوای گەورە تاك وتەنهایە ودروستکارە، وخوای گەورە بیسەر وبینایە، زۆر

{بیسەرە بەوتە وقسەتان، وزۆر بینەرە بە کردەوەتان، وهەموو شتێك دەبیستێت ودەبینێت}.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6333